ئەگەر سەربکەوتینایە؛ تەکبیراتمان دەکرد، وئەگەر دابەزینایە؛ تەسبیحاتمان دەکرد

لە جابرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «ئەگەر سەربکەوتینایە؛ تەکبیراتمان دەکرد*، وئەگەر دابەزینایە؛ تەسبیحاتمان دەکرد**». لە ئیبن عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: «ئەگەر پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وسوپاکانی سەربکەوتنایە بەسەر گردێکدا تەکبیراتیان دەکرد*، وئەگەر دابەزینایە تەسبیحاتیان دەکرد**». (-*(تەکبیرات کردن: واتە ووتنی -الله أكبر-)، **(تەسبیحات کردن: واتە ووتنی -سبحان الله

[صەحیحە بە ریوایەتیەکەیەوە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە]

هۆکاری تەکبیرات کردن* لە کاتی چوونە سەر شوێنی بەرز ئەوەیە چونکە بەرزبوونەوە و خۆبەگەورەزانین لە لای نەفس خۆشەویستە ولەم شوێنە بەرزانەدا نەفس هەست بە بەرزی وگەورەیی دەکات، بۆیە دەبێت مرۆڤ بڵێت: (الله أكبر) واتە: (خودا لە هەموو شتێک گەورەترە)، ئەمیش وا دەکات نەفس خۆی بە بچووک دابنێت بەرامبەر بەرزی ومەزنی خوای گەورە، بۆیە سونەتە هەرکەسێک چووە شوێنێکی بەرز هەست بە مەزنی وگەورەیی خوای گەورە بکات ویادی ئەو زاتە مەزنە بکات، ئەو زاتە لە هەموو شتێک مەزنترە، بۆیە کاتێک تەکبیرات دەکات؛ خودا سوپاسی بکات وفەزڵ وپاداشتی زیاتر دەکات، وهۆکاری تەسبیح کردن** ئەوەیە لە کاتی دابەزیندا چونکە مرۆڤ لە شوێنی نزم وتەنگدا هەست بە دڵتەنگی دەکات بۆیە تەسبیح کردن سونەتە؛ چونکە ئەم زیکرە هۆکارە بۆ نەمانی ناڕەحەتیەکان، هەروەکو باسی پێغەمبەر یونس -علیه السلام- کاتێک تووشی ناڕەحەتی بوو لە تاریکاییەکاندا؛ تەسبیحاتی کرد ویادی خودای کرد بۆیە خوای گەورە ڕزگاری کرد لەو سەختڵەتی وناڕەحەتیە، وهەروەها کاتێک بەرەو شوێنێکی کەم ونزم دەچێت، بۆیە دەڵێت: سبحان الله؛ واتا: خوای گەورە پاک وبێگەردە و دوورە لە هەموو کەموکورتی وعەیبێک، چونکە خوای گەورە لە سەرووی هەموو شتێکەوەیە. وهەروەها ئەوەی لە نێو فڕۆکەدایە لە کاتی بەرزبوونەوەیدا تەکبیرات دەکات، ولە کاتی دابەزینی فڕۆکەکەدا تەسبیحات دەکات؛ چونکە هیچ جیاوازییەک نییە لە نێوان هەوا وسەر زەوی لە کاتی بەرزبوونەوە ونزمبوونەوەدا، وداواکارین خوای گەورە سەرکەوتنمان پێ ببەخشێت. *(تەکبیرات کردن: واتە ووتنی -الله أكبر-)، **(تەسبیحات کردن: واتە ووتنی -سبحان الله

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6206